وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی
زانکۆی سەلاحەددین – هەولێر
کۆلێژی ئاداب – بەشی شوێنەوار

بابەت– هونەری کۆن

# ٢ - تابلۆ قوربانیەکان (الألواح النذرية)

مامۆستای بابەت
م.ی رخصار عبدالغفور طه

قۆناغی دووەم

rukhsar.taha@su.edu.krd

ساڵی خوێندنی ٢٠٢٣-٢٠٢٤ زایینی

# وانەی -٢-
# نـــاوەڕۆك

## هونەر لەسەردەمی  بنەماڵە سۆمەرییەکان
## (٢٩٠٠-٢٣٥٠ پ.ز)

٢ - تابلۆ قوربانیەکان (الألواح النذرية): چییە؟

- بابەتەکانی سەر تابلۆی قوربانیەکان چین؟

## ٢ - تابلۆ قوربانیەکان (الألواح النذرية):

• یەکێك لە نموونە گرنگەکانی ئەم سەردەمە بــۆ نــەحتی بــارز ئــەم تابلۆیانەیە، ناونراوە تابلۆی قوربانیەکان چونکە دیمەن وبابەتی جۆراوجــۆری لەســەر هەڵکەنــدراوە و وەك قوربــانی پیێشکەشــی پەرســـتگاکان دەکـــرا لەســـەردەمی ســـەرەتای ســـەرهەڵدانی بنەماڵــەکان. لەهــەمان کاتــدا بەیەکــەمین هونــەری ڕاگەیانــدن دادەنرێت لەمێژووی فیکری مرۆڤایەتی، پێوانــەی ئــەم تابلۆیانــە جیاوازبوون بەگشــتی لــەنێوان( ￼شم تـــــا ￼سمسم )بەرزیەکــەیان بوو، وە( ￼ تـــــا ￼سم ) ئەستووری یان بوو. لەبــەردی جۆراوجــۆری وەك( بازڵت، کلس، دیورایت ) هەڵکەنــدراون، ئــەم بەردانــە لــەرووی تەکنیکی دروست کردنەوە بەشێوەی لاکێشەیی ونیمچە چوارگۆشــەیی دروستکراون.


- – هونەرمەند دوای ئەوەی لەسەر رووەکانی بەردەکە( بـــەردی تـــابلۆ قوربـانیەکان ) دیمەنێکی بەشێوەی بارز هەڵکەندوە، لەناوەڕاسـتدا کونێکی تێکـردووە( تێدایـــه )، کـەوا بۆمەبەسـتی هەڵواسـێن لـەو سەردەمە بەکاردەهات لـەناو حەوشـەی پەرسـتگا، یـان لەبـەردەم پەرسـتگا. لەبەرئـەوەی زیـاتر بـۆ پەرسـتگاکان دروسـت دەکـران هەربۆیـە زۆربـەیی ئـەم دیمەنانـەی نـەحتکراوە زۆربـەی جـار دیمەنەکان بابەتی ئاینین وتایبەتـە بـەژیانی ڕۆژانـەی خـەڵك. وەك:



١- **بابــەتی پەرســتن:** نموونــەی ئــەو تــابلۆ قوربانیــەی کەلەلایــەن( أی- أناتم ) پێشکەش بە پەرستگای لەگەش کراوە، لەبەردی دیــوراییتی خۆڵەمێشــی دروست کراوە تەنها بەشــێکی ماوەتــەوە توشــی شــکان بــووە، لەشــاری لەگــەش دۆزراوەتەوە.




- **٢- بابەتی ئاهەنگ گێڕان بەبۆنەی تەواوبوونی بینای پەرستگا :** وەكو نموونەیٚ ئەم تابلۆ قوربانیەی لەشاری لەگەش دۆزراوەتەوە بۆپاشا أور–نانشه پاشای شاری لەگەش دەگەرێتەوە. لەبەردی كلسی دروست كراوە بە پێوانەی( سم× شمسم ) لەمۆزەخانەی لۆڤەر پارێزراوە. ئەم تابلۆیە لەدوو ڕیز پێكهاتووە:
- – لەڕیزی سەرەوە پاشا تاسێكی خستۆتە سەری وبەرەو پەرستگا دەڕوات( بۆ دروستكردنی پەرستگا یان نوێكردنەوەیٚ )، خزمەتكارەكەی كەوا بەبچووكتر وێنەكەی كراوە خەریكە یارمەتی پاشا دەدات لەبلٚندكردنی تاسەكە بۆسەر سەری. ژن ومندالٚەكانی پاشا بەڕیز وەستاون ودەستیان خستۆتە سەر سنگیان.
- – لەڕیزی خوارەوە پاشا كوپێكی شەرابی بەدەستە خەریكی خواردنەوەیەتی، خزمەتكارەكەی لە پشتەوە خەریكە شەراب دەداتە دەست پاشا. مندالٚەكان دووبارە بەڕیز وەستاون ودەستیان لەسەر سنگیانە وەكو بەشێك لەڕێوڕەسمی ئاینی وخەریكی ئاهەنگ گێڕانن.



## ٣- بابەتی شـەراب خواردنـەوە بەبۆنەی سەری ساڵی سـۆمەری:

وەکو ئەم تابلۆ قوربانیەی کـەوا لەشـــاری ئـــور دۆزراوەتـــەوە هەرچەندە ڕیزێکی شکاوە، بەلاّم ئاماژە بەسـەری سـاڵی سـۆمەری دەکـــات، کـــەوا چـــۆنیەتی قوربـانیکردن وئاهـەنگ گێـڕان نیشـــان دەدات بـــۆ مەبەسـتی بـــــە پیت بـــــــوونی زەوی وئاژەڵـەکانیان بـــە پێ ی بـیرو باوەڕی ئەوان.

٤ - بابەتی رووکردنی ئـاوی پـیرۆز بەسـەر داری ژیان وئه‌نجامدانی زواج المقدس لەناو پەرستگا : وەکو ئەم تابلۆیەی کەلەشاری ئور دۆزراوەتـەوە ئامـاژە بـە قوربـانیکردن ورووکردنی ئاوی پیرۆز دەکات بەسەر شجرە الحیـاە لەلایـەن کاهینێـك کەبـەرووتی وێنەکەی کـراوە لەبەرامبەریـدا خواوەنـدی ( ننخرساك ) دانیشتووە گۆزەیەکی بەهەردوو دەستی گرتووە، ئەم رێورەسمە ئاینیانە پێش ئه‌نجامدانی جووت بونی پیرۆز بووە.





٥- بابەتی دروشمی خواوەندەکان و وێنەی کاهینی پەرستگا : وەك ئەم تابلۆیەی ( دودو ) گەورە کاهین ونوسەری شاری لەگەش لەبەردی دایوراپتی رەش هەڵکەنراوە.ڕیزێکی سەرەوەی شکاوە کەوا ڕەمزی خواوەندی ننگرسو کراوە لەبەشی سەرەوە و( کەهەندێك پێیان وایە خواوەندی( امدگود سوکورو )یە، کاهینە گەورە دەستەکانی لەسەر سنگی داناوە لەحالەتی پەرستنە،وێنەی بێچووە گایەك لەئاستی قاچەکانی ولەبەشی هەرە خوارەوەش زەخرەفەیەکی لولپێچ دەبینین کەلەچوار بازنەی لەتەنیشت یەك پێك هاتووە، ڕەنگە ئاماژەبێت بۆ بەردەوامی نیشاندانی دڵسۆزی کاهین کەوا هەرچوار وەرزی ساڵ خەریکی قوربانی وخزمەتی خواوەندە.



**- لە نموونەیێکی تر لەم تابلۆیە بەردینانە**

تابلۆیەکی تری أور-نانشە یە پاشای لەگەش کەوا لەشاری گرسو( تلو ) دۆزراوەتەوە لەبەردی کلسی دروست کراوە دروشمی خواوەندی ننگرسو یان( أمدگود سوکورو )ی لەسەرە.

# سوپاس بۆ گوێگرتنتان

# پرسیارەکانتان